# نەورۆزی سەردەم!

rahmayub@yahoo.de



مێژوو پڕاوپڕ بەڵگەی نوێخوازیی
سروشت و نەورۆزن هۆکار و ڕازیی
هەمووساڵ جارێک دێتەوە نەورۆز
سەر هەڵدانەوەی نێرگز و بەهرۆز
نێرگز نیشانەی نوێبوون و جوانیی
بەهرۆز ڕۆژی نوێ و باشبەختی دێنیی
ئەبینین وانەی نوێبوونمان زۆرن
خوێندنەوەی وانە و لێفێربوون کلۆڵن
گەرچی ڕابردوو وەک چیرۆک زاڵن
دەرسی داهاتوو لاپەڕەی چۆڵن
نووسەری چارمان نە لەخۆمانن
پاپۆڕی پاشڕۆژ بێ پاپۆڕوانن
پێویستە فێر بین لێخوڕین پاپۆڕ
تاکەی سەر نیشین؟ تا ئەنرێینە گۆڕ؟

هەستەوە گەلۆ، دیسان نەورۆزە
بێژەوە سروودێک بۆو خاک و هۆزە
ئاوازێکی نوێ لە چریکەی بولبول
ناسک، زەریف، جوان لە بەرگی سونبول
بنیشێتە دڵ وەک ئەشق و وڵات
تیشکی بە بزەی سوبحی ڕۆژهەڵات
بێنێ لەگەڵ خۆی شادی و پێکەنین
سارێژکا زامی دڵی ئەجمەعین
ئاو کا بەفری کۆن، لا با هزری دین
خۆشکا ڕێگامان بەرەو لوتکەی ژین
دیسان نەورۆزە، وەرزی هەڵپەڕین
کاتی نوێخوازی و دژی گەندەڵین
ئامانجمان نوێیە و دژ توونـد و تیژین
با بۆ دەنگی نوێ و گەشە ڕاپەڕین!

١٠ی ڕەشەمەی ٢٧١٠